

**• وەك دەزانین لە تەمەنی ١١ ساڵیدا دەستت بە ژەنینی عود کرد و لە ساڵی ١٩٨٧ لە پەیمانگای نەغەم لە عێراق خوێندنت لە بواری عود تەواو کرد و دواتر بوویت بە ژەنیارێکی پیشەگەر و پسپۆڕ لە ئامێری عود، دەربارەی رەسەنایەتی موزیکی عێراقی چی دەڵێیت و ئایا هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئامێرە موزیکیەکانی کورد و عود هەیە ؟**

- ئامێرە موزیکییەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییان بە ناسنامەی موزیکەوە نییە، واتە هەر ژەنیارێك ئامێرەکان بە گوێرەی کەلتوور و فەرهەنگی خۆی بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە ئامێری عود لە هەموو جیهان هەیە و بەکار دەهێنرێت، بەڵام بە زاراوەی تورکی یان عێراقی یان میسری یان مەغریبی بەکار دەهێنرێت، ئەمانە هەمووی گۆڕانکارییە کەسایەتی و کەلتووری ژەنیارەکە دەیخاتە سەر ئامێرەکە و خودی ئامێرەکە دیاری ناکات، چونکە ئامێرەکە یەکە و ناگۆڕێت و ئەوەی ژەنیارەکە بۆی دیاریی دەکات ئامێرەکە ئەوە دەخاتە بەر گوێچکەمان، موزیکی عێراقی فرە مەقام و فرە ئیقاعە و چەندین ئیقاع لە خۆ دەگرێت کە ئەوانیش بریتین لە پلەی دەنگی جوولاو و جیاواز بۆ نموونە ئەو بەیاتەی لە میسر گوێمان لێی دەبێت جیاوازە لەوەی لە عێراق یان لە مەغریب بەر گوێمان دەکەوێت، ئەم جیاوازییانە ناسنامەیەکی موزیکی تایبەت بە موزیك دەبەخشێت و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە.

**• دوای ئەوەی لە میسر نیشتەجێ بووی سەردانەکانت بۆ بەغدا و کوردستان وەك پێویست بوون؟**

- من لە ساڵی ٢٠١٠ سەردانی بەغدام کرد و کۆنسێرتێکم ساز کرد لە رۆژی ئاشتی جیهانی

■ ■ ■

مەحاڵە لە کاتی باسکردنی ئامێری عود، هونەرمەند نەسیر شەممە نەیەتە یادمان، بەوپێیەی ئەو توانی پلەیەکی گەورە لەسەر ئاستی جیهاندا بەدەست بێنێت، تەنانەت توانی ئەو ئامێرە بگەیەنێتە ئاستی سەمفۆنیا جیهانییەکان ئەگەر چی ئامێرێکی کۆنی رۆژهەڵاتە . زریابی چاخی نوێ، ئەو نازناوەیە کە هەمیشە دەدرێتە پاڵی نەسیر شەممە بەو پێیەی توانی هەستانەوەیەك بۆ ئامێری عود بهێنێتە دی . ئەو رەچەڵەکی خۆی و کوردبوونی خۆی لەیاد نەکردووە و هەمیشە باسی لێوە دەکات و داکۆکی لێدەکات. لە دیمانەیەکی تایبەت بە گوڵان نەسیر شەممە باس لە پرۆژە هونەرییەکانی خۆی و ئەگەری پێشکەشکردنی چەندین پرۆژەی هونەری لە کوردستاندا دەکات.

دیمانە/ مەنال ڕەحالی - مەغریب

دواتر سێ جاری دیکەش سەردانم کرد، هەروەها سەردانی هەولێریشم کرد و کۆنسێرتم لەوێش ساز کرد، ئێستاش بەردەوام سەردانی بەغدا دەکەم.

**• پاشەڕۆژی هونەری ڕەسەن چۆن دەبینی بەتایبەتی کە ئێستا جۆرە هونەرێکی دیکە لە سەرتاسەری جیهان باوە و جیاوازە لەو هونەرەی کە لە سالآنی ڕابردوودا پێشکەش دەکرا و ڕەسەنایەتی پێوە دیار بوو و چۆن دەتوانین ئەو هونەرە ڕەسەنە بپارێزین؟**

- پاراستنی موزیک ئەرکی ئەو کەسانەیە کە لە کۆلێژ و پەیمانگاکان کاردەکەن لەگەڵ ئەو شێوازەی پەیڕەوی دەکەن لە کاتی وانە وتنەوەدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پتەو کردنی تێگەیشتن لە کەلتوور، پێویست ناکات بە درێژایی تەمەن دانیشین و خەڵك فێری کەلتوور بکەین، بەڵام تێگەیشتنی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی پێوەی پەیوەست بین لە هەمان کاتدا لێی جیا بینەوە بۆ هێنانەدیی هونەرێکی هاوچەرخ، ئەزموونە هاوچەرخەکانی هونەر لە هەموو بوارەکاندا وەك شێوەکاری وهەموو ژانرەکانی دیکە دوای بە یەکگەیشتنی هونەرە کۆنەکانی پێشوو لەگەڵ هونەری کلاسیکی هاتوونەتە ئاراوە، تێگەیشتن لە کەلتوور و پاشخانی ئەو کەلتوورەی لەبەر دەستدایە ڕەنگە وامان لێبکات ئاسۆی نوێ بکەینەوە بۆ وشیارییەکی موزیکی نوێ، لە هەمان کاتدا وشیارییەکی کەلتووری نوێ و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەوروبەرماندا ڕوودەدەن، چونکە زەحمەتە ئەمڕۆ موزیك وەکو خۆی بمێنێتەوە دوای ئەو قۆناغە جیاجیانەی کە ناوچەکە لە سالآنی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینیوە، پێویستە گۆڕانکارییەك بێتە ئاراوە، ئەم گۆڕانکارییەش هەر ڕوودەدات، ڕەنگە هێواش بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا ڕوودەدات و دێتە ئاراوە، چونکە وەك گوتم ناکرێ لەم گۆڕانکارییە بە دەربین .

**• دەربارەی هونەر و موزیکی کوردی بە گشتی زانیاریت هەیە و ئایا پەیوەندیت لەگەڵ هیچ هونەرمەندێکی کورددا هەیە ؟**

- کورد نەتەوەیەکە کە خاوەن زمانی تایبەتی خۆیەتی و لەنێو زمانەکەشدا چەندین زاراوەی جۆراوجۆر هەیە کە لە ناوچەیە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت، کەلتوور و فەرهەنگی کوردی زۆر کۆنە، چونکە کورد دانیشتووی ڕەسەنی ئەم ناوچەیەن و بە کۆنترین نەتەوە دادەنرێن لە سەردەمی ئاشووریەکانەوە تا ئێستا، بۆیە کە باس لە کورد دەکەین پێویستە باس لە کەلتوورێکی کامڵ بکەین لە زمان و دابونەریت و جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە، هەرچەندە پەرت بڵاو بوون بەسەر پێنج وڵاتدا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەتەوەیەکە توانیویەتی هێز و فرەیی خۆی و دابونەریتەکانی خۆی بپارێزێت، زۆر هونەرمەندی کورد هەن کە زۆر بەتوانا و دەگمەنن لە بواری هونەری خۆیاندا لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، لە بواری موزیك کورد خاوەن شوناسی زۆر تایبەتی خۆیانن، دەنگی هونەرمەندانی کوردیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە تەنانەت قورگیشیان وەك ئەو شوێنە جوگرافیایەیە کە تێیدا دەژین، زۆر لە کوردان لە ناوچە شاخاوییەکان دەژین دەنگیشیان لەو کەشوهەوایەوە وەرگیراوە، هەروەها ئەو ئازار وحەسرەتەی لە گۆرانییەکانیاندا بەدی دەکرێت هەڵقوڵاوی ئەو چەوسانەوەیە کە کورد بە دەیان ساڵە بە دەستیەوە ناڵاندویانە لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە هیوایەکی بە کورد بەخشی بەوەی جارێکی دیکە وەکو نەتەوەیەك دووبارە هەست بە بوونی خۆیان بکەنەوە کە کەلتووری خۆیان کۆ بکەنەوە، پێموایە هەر کاتێك دووبارە شوناسی خۆیان دۆزیەوە زوو درك بەوە دەکەن کە هێزی ئەوان لە جیابوونەوەدا نییە، بەڵکو هێزیان لەوەدایە کە بەشێکی ئەکتیف و کاریگەر بن لە دەوڵەتێکی بەهێزدا ئەمەش سوودی بۆ هەموو لایەك دەبێت.



## نەسیر شەممە:

# کورد کۆنترین نەتەوەی ناوچەکەن و خاوەن هونەرێکی ڕەسەنی خۆیانن



# ئەنجلیناش بیر لە سیاسەت دەكاتەوە

خانمە ئەستێرەی سینەمایی جیهانی ئەنجلینا جۆلی لە دیمانەیەكی رۆژنامەوانیدا ئەوەی نەشاردەوە كە بیر لەوە دەكاتەوە رۆژێك لە رۆژان وەك زۆر لە ئەستێرە سینەماییەكانی دیكە روو لە بواری سیاسەت بكات، جا بۆ هەر پۆستێك بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەم بیرۆكەیە نوێ و نامۆ نییە بە لایەوە و زۆریش بیری لێكردووەتەوە. ئەنجلینا لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ كەناڵی ( ئای بی سی )ی ئەمریكی ئاشكرای كرد كە ئامادەیە لە هەر كاتێكی گونجاودا بێت خۆی بپاڵێوێت بۆ هەر پۆستێكی سیاسی ئەگەر بیرۆكەی خۆ پاڵاوتنی بە جددی وەربگیرێت و بزانێت ئەو كارە پێویستە، ئەنجلینا جۆلی كە باڵیۆزی نەتەوە یەكگرتووەكانە بۆ كاروباری پەنابەران لەم بارەیەوە زیاتر وتی: ئەگەر قەناعەتم بەوە هەبوو كە پێویستە بچمە نێو بواری سیاسەتەوە ئەوا ئەم كارە دواناخەم و خۆم دەپاڵێوم، بەڵام من دڵنیام كە ئەو لایەنانەی نوێنەرایەتییان دەكەم جددین لەوەی من بتوانم كەسێكی چالاك بم لە بواری سیاسەتدا. شایەنی وتنە ئەنجلینا جۆلی بە كارە مرۆییەكانی ناسراوە لە سەر ئاستی جیهان بەتایبەتی لە بواری پەنابەران و بەم دواییە سەردانی كەمپەكانی پەنابەرە سوریەكانی كردووە لە لوبنان و توركیا و ئوردن.



# کۆمپانیایەک داوای ٢ ملیۆن دۆلار لە پاریس دەکات

کۆمپانیایەکـــی بازرگانیی پێڵاو داوایەکـــی دژی پاریس هیلتۆنی ئەســـتێرەی ســـینەمایی و میراتگری زنجیرە هۆتێلە بەناوبانگەکانی هیلتـــۆن بەرز کردەوە و تێیـــدا داوای بڕی دوو ملیۆن دۆلار وەك قەرەبو لـــە پاریس دەكات ئەمەش بەهۆی ســـەرپێچی کردنی لە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتننامەی لە نێوانیاندا هەیـــە پابەندنەبوونی بەو ڕێکەوتننامەیە و بەکارهێنانـــی بـــۆ مەبەســـتی تایبەتی خۆی. لـــەم بارەیەوە گرووپـــی (Antebi Footwear)ی تایبەت بە بازرگانی کردنی پێڵاو داوایەکـــی دژی پاریس بۆ دادگا بەرز کردەوە و بە پاشـــگەز بوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستەی لە نێوانیاندا مۆر کـــراوە تۆمەتبار کرد و لە بری ئەوەی ریـــکلام بۆ بەرهەمەکانی بکات، ریکلامی بۆ بەرهەمی کۆمپانیایەکی دیکەی رکابەریان کردووە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زیانێکی زۆریان پێ بگەیەنێت.

ئـــەم داوایەی کۆمپانیاکـــە وەك کاردانەوەیەك هات دژی ئەو داوایەی پاریس پێشکەشـــی کردبوو دژی کۆمپانیاکە گوایە کە پابەند نەبوون بە پێدانی ئەو بڕە پارەیەی پێویستە بەپێی گرێبەســـتی نێوانیان وەری بگرێت لە ساڵی ٢٠٠٧، بەڵام کۆمپانیاکە پاریسی بە پروپاگەندە کردن بۆ بەرژەوەندیـــی کۆمپانیایەکی دیکەی رکابەری تۆمەتبـــار کرد ئەمەش تـــەواو پێچەوانەی گرێبەســـتەکەیەو داوای لێکرد بڕی ٢ ملیۆن دۆلار وەك قەرەبوو پێشـــکەش بە کۆمپانیاکە بکات، شـــایەنی وتنە گرێبەستی نێوان پاریس و کۆمپانیاکـــە تا کۆتایی ئەم ساڵە بەردەوامە.

# بەختی تایلۆر پێچەوانە بۆوە




ماوەیەکە لە نێو ئەستێرەکانی هۆلیۆد بەرزکردنەوەی ســـکاڵا و داواکاری لەلایـــەن کۆمپانیـــا بازرگانییە جیاجیاکان دژی ئەســـتێرە ســـینەماییەکان بەشـــێوەیەکی بەربڵاو پـــەرەی ســـەندووە و خەریکـــە دەبێتە دیاردەیەك بەتایبەتی ئەوانەی کە ریکلام بـــۆ کاڵاکانیان دەکەن و پێشـــتر ڕێکەوتنیان هەیە و زۆربەی سکاڵاکانیشیان لەسەر سەرپێچی کردنی بۆندەکەیان و پارەکەیە.

بەم دواییە کۆمپانیایەکی جلوبەرگی ئافرەتان کە ئەستێرەی پۆپ ســـایلۆر سویفت ریکلامی بۆ دەکات، سکاڵایەکی دژی ســـویفت بۆ دادگا و بە ســـەرپێچی کردنی مافی موڵکایەتی کۆمپانیاکـــە تۆمەتبـــاری دەکات، کۆمپانیای (Lucky ١٣) تایلۆر تۆمەتبار دەکات بەوەی ناوی کۆمپانیاکەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکار دەهێنێت.

ســـویفت ژمارە ١٣ بە ژمارەیەکی خۆشەویست دەزانێت و تیشێرتەکانی کۆمپانیاکە لەسەریان نووسراوە (Lucky ١٣) لە ڕێگای ئەنتەرنێت، بەڵام رۆبیـــرت کلوتزلی خاوەنی مارکەی بازرگانی (Lucky ١٣) کە لە ســـاڵی ١٩٩١ەوە هەیە دەڵێ: تایلۆر کارەکەی ئێمەی دزیوە، هەروەها بەوە تاوانباری دەکات کە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن ئەم مارکەیەی بۆ مەبەســـتی تایبەتی خۆی بەکار هێناوە ئەمەش بە جۆرێك لە دزی دادەنرێت و دەبێ دادگا مافی ئێمەی لێ وەربگرێتەوە، لەلایەن خۆیەوە تایلۆر بە هیچ شێوەیەك وەڵامی ئەم تۆمەتبار کردنەی نەدایەوە.



# هونەرمەند دارا هەورامی: هۆکارەکانی شێ



**مامۆستا دارا هەورامی یەکێکە لە هونەرمەندە بە ئەزموون و مامۆستاکانی هونەری هەورامی، تا ئێستا خاوەن چەندین سیدی و بەرهەمی جیایە، لە هەمان کاتدا لە بواری نووسین دەستێکی باڵای هەبووە بەتایبەتی لە بواری هونەری دەڤەری هەورامان و لەو بوارەشدا چەندین کتێب و نووسین و وتاری هونەری هەیە دەربارەی هونەری هەورامان و چۆنیەتی پێشخستن و پاراستنی رەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی ئەم هونەرە کوردییە رەسەنە، هەروەها توانیویەتی پەرە بە هونەری کوردی بە گشتی و هەورامی بەتایبەتی بدات، لەو کاتانەی کە هونەری دەڤەرەکە دووچاری شێواندن هاتەوە، مامۆستا دارا هەورامی لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

# ـــــواندنی هونەری هەورامی زۆرن

**• زۆر جار باس لـــەوە دەكرێت كە هونەری هەورامان لە زۆر رووەوە شـــێوێنراوە و رەســـەنایەتی خۆی لە دەستداوە، دەكرێ لەرووی زانســـتییەوە بەڕێزتان پێمـــان بڵێن لە كام رووەوە زیاتر شێوێنراوە؟**

- ناوچەی هەورامان و كوردســـتان بە گشـــتی لە باشوور و رۆژهەڵاتـــەوە دووچـــاری وێرانكارییەكی زۆر هـــات، بۆیە هونەری هەورامان شـــێوێنراوە هەم لـــەرووی ئاوازەوە هەمیش لەرووی فۆنەتیك و فۆرمەل و شیعریشەوە ، بۆ نموونە هەندێك كەس هەن كە شیعرێك دەڵێن ناتوانن وەكو خۆی ئەدای بكەن، بۆیە كاتێك شیعرێكی مەولەوی بە سەقەتی دەڵێن ئەمە دەبێتە هۆی شـــێواندنی ئاوازەكە، یاخود لە دەربڕینی فۆنەتیكەكان زۆر ســـەقەتن، چونكە وشە و گرێ و رستە بە دوای یەكەوە دێن و پێویســـتە بزانرێ چۆن دەریاندەبڕێ، یاخود شـــیعری عیرفانی كردووە بە گۆرانی چەپڵەڕێزان،یاخود ســـیاچەمانە كە ســـروودی ئایینی زەردەشت بوون و لە شوێنە پیرۆزەكان و لەبەردەم ئاتەشگەی زەردەشتیدا چڕاونەتەوە شێواندوویانە.

**• ئەم شێواندنە لەبەر ئەوە بووە كە ئەو كەسانە هەوڵیانداوە ســـوود لەلایەنی ئایینی و عیرفانـــی وەربگرن و لە لایەنـــی ئەڤینداری و ســـۆزداریدا بەكاری بهێنن و نەیانتوانیوە، یاخود لەبەر ئەوە بووە كە شارەزاییان لە هیچ لایەنێكی عیرفانـــی و بەرگری و ئەڤینداری نەبوون لە هونەری هەورامان؟**

- رۆشنبیری گشتی بۆ هونەرمەند و خوێندنەوەی چەمك و ژیانی هونەرمەندان زۆر پێویســـتە، ئەو شیعرە عیرفانیانەی كـــە ١٥ بڕگەیین ئەمانە بۆ ئەو ســـاتەوەختە وتراون، هەندێك لـــە هونەرمەندانی دەڤـــەری هەورامان كە پســـپۆڕن دەتوانن ســـیاچەمانە بڵێنەوە وەكو ئاواز، بەڵام شیعری گاتەكانیان تا ئێســـتا نەوەتووتەوە، كەواتە شیعری عیرفانی دەبێ بۆ ئاوازی عیرفانی بوترێت بە هەمان شـــێوە دەبێ شـــیعر تایبەت بێت بۆ ئاوازەكە، بەڵام بە دەنگی كەســـێكی وەكو كاك عوســـمان كیمنەیی، ناكرێ بڵێی چاوەكەت رەشـــە و ئەبرۆكەت كاڵە و لیمۆكەت ئاوایە، چونكە لەگەڵ موزیكی سوننەتیدا ناگونجێت ئەو موزیكەی كە ئێمە خاوەنیین و شارستانیەتێكی زۆر كۆنە تەنانەت خاتەمی بـــەم دواییە لە دیمانەیەكـــی تەلەفزیۆنی سەحەردا وتی: ئێمە تا ماوین مەمنونی كەلتووری هەورامان و دەوڵەتـــی ئێریـــان پاجەكانین، ئێریان باجـــەكان ئێمە بووین (گەڵەندینەتە) لە حەوزی سیروان و توانیویانە دەقەكانی ئێمە بپارێزن، بۆ نموونە لە ناوچەی گاوەران تەمبورێكمان دۆزیوەتەوە كە تەمەنەكەی بۆ پێش ٤٠ هەزار ســـاڵ دەگەڕێتەوە، كەواتە ئێمە خاوەن كەلتوورێكین كە شارســـتانیەتی كورد بەهێزتر دەكات، بەڵام تا ئێستا ئاوڕێكی مەیدانی لەو دەڤەرە دەلالە نەدراوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە نووســـەران شارەزایی تەواویان نییە لەو فەرهەنگە یاخود هونەرمەندەكان ئاوازەكانیان شـــێواندووە، مـــن كتێبێكم هەیە دەربارەی مێژووی موزیكی دەڤەری هەورامان كە بە سوپاســـەوە كاك فاروقی مەلا مســـتەفا ٢٥٠٠ لێ چاپ كرد و بە ئۆتۆمبێل بۆمی ناردیەوە ماڵەوە، باســـم لە هەموو گۆرانی و ئاوازە بەرزەكان و تەنانەت هۆرەش كردووە كە بەشـــێكە لە قوتابخانەی سیاچەمانە و ئاوازی كۆنی كوردانە، كە پێویستە ئێمە هونەر و كەلتووری خۆمان بە دەرەوە بناســـێنین هەروەك چۆن هونەرمەندێكی ئینگلیزی ٣٠٠ هەزار كەس ســـەیری گۆرانییەكانی بكات، پێویستە ئێمەش خەڵك رابهێنین سەیری گۆرانییەكانی ئێمە بكات.

**• ئایا نەخوێندنەوە و تێنەگەیشـــتن لە چەمكە هونەرییەكان هۆكارێكە بۆ شێواندنی هونەری هەورامان یاخود تێكەڵ كردنیان بە شێوەیەكی هەرەمەكی و دوور لە زانست؟**

- هەندێك لەو هونەرمەندانە خۆشەویستییان بۆ هونەری هەورامان هەیە و هەندێكیشیان بەرژەوەندییان لە هونـــەری هەوراماندا هەیە، بەڵام ئاوازەكانیان تێكداوە، بۆ نموونە من ناتوانم حەیران وەكو هونەرمەندی خوالێخۆشـــبوو رەســـول بێزار گەردی بڵێم ، چونكە قوتابخانەیەكی تایبەتە، هەروەها لاوك لە باكووری كوردســـتان، ئای ئایەی گەرمیانیش بە هەمان شـــێوە، هۆرە و سیاچەمانەش قوتابخانەیەكی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەم قوتابخانانە هەریەكەیان لە ناوچەیەك هەن و ئەمەش نیشـــانەی دواكەوتن نییە، بەڵكو نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانی كوردییە، رەنگە هۆكارێكی دیكەش بۆ وتنەوەی گۆرانی هەورامی ئەوە بێت كە هونەری ئەم دەڤەرە ئێستاش زۆر بە پاكی و سازگاری ماوەتەوە.

**• لە دەڤەری هەورامان بۆچی هونەرمەندی ئافرەت وەكو پێویست دەرنەكەوتووە؟**

-پرسیارەكە دوو بەش دەگرێتەوە، بەشێكیان ئەوەیە بۆچی ئافرەت لە بواری هونەری كەم بووە لە دەڤەری هەورامان، من لە زۆر دیمانەكانمدا باسی ئافرەتی تەمبور ژەنم كردووە وەك لیزا خان و چەندانی تر كە لە هەمان كاتدا تەمبوریان ژەنیوە و ئاوازی سیاچەمانەشیان چڕیوە بەهۆی تەمبورەكەیانەوە، دەرنەكەوتنی ئافرەتی هونەرمەندیش لە دەڤەری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راگەیاندنانەی كە كەناڵی نەتەوەیی نین .

*** سەبارەت بە راگەیاندن چی دەڵێی؟**

-من زۆر جار خۆزگە دەخوازم بە كەناڵەكەی كەركوك كە گۆرانییە نەتەوەییەكان بەبێ جیاوازی نمایش دەكرد، پێویســـتە هونەرمەند ســـەنگی خۆی بپارێزێت، من خاوەن ٤٢ گۆرانیم و ماوەی زیاتر لە ٤٢ ســـاڵە ئەندامی تیپی مەولەویم واتە هەر ســـاڵێك گۆرانییەكم تۆمار كردووە و لە ساڵی ١٩٧٧ بە هۆی وێرانكردنی كوردســـتانەوە وتومە بە ناوی (بەناز) دواتر (رازیانە) بۆ شۆڕشی ئەیلوول، كەواتە هونەری ئەم دەڤەرە زۆر پاك و بێگەردە و گۆرانییەكانی زیاتر داستان ئامێزن و وەكو قەڵغانێك توانیویەتی سیمای هونەری نەتەوەییمان بپارێزێت.

**• پێوەرەكان چین بۆ هەڵبژاردنی ئەو گۆرانیبێژانەی كە پێویســـتە بەشـــداری بكەن لە فیستیڤاڵێكی تایبەت بە ناوچەی هەورامان لەسەر ئاستی كوردستان؟**

- پێویســـتە ئەو هونەرمەندانە پســـپۆڕییان لە گۆرانی و شیعری هەورامی هەبێت، بزانێت چ ئاوازێك بۆ چ گۆرانییەك بڵێت و لەرووی زانســـتییەوە شـــارەزا بێت بۆ ئەوەی هونەری كوردی بێتەوە سەر رێی راستی خۆی.

**• هونەر پێویستی بە نوێ بوونەوە هەیە ئایا لە هونەری هەورامی ئەوە كراوە؟**

- بەڵـــێ لە ناوچـــەی ئێمە ئەوە كراوە، بۆ نموونە خانمە هونەرمەنـــد هانی و چەندین كچی دیكە كە توانیویانە نوێكاری بكەن ئەگەر هۆنراوەكەشـــی كۆن بێت لە ئاواز و تەكنیكدا گۆڕانكارییان كردووە و تێیدا ســـەركەوتوو بوون، بۆیە سەرەتایەك هەیە بۆ نوێكاری، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئێمە لێی رازی بین و بڵێین ئۆخەی.

